

# بیۆگرافیای سلاڤۆی ژیژەک

ئا: لوقمان رەئوف

ـ سلاڤۆی ژیژەک، فەیلەسوف و رەخنەگر و رۆشنبیری سلۆڤینی لە 1949/5/21 لە سلۆڤینیا لەدایکبووە.

ـ چالاکیی زۆرە و لەبواری تیۆریی سیاسی، دەرونشیکاری و سینەما لە روانگەی تیۆرییەوە کاریکردووە و بەشداریی بەچاوی هەیە.

ـ لە کۆلیژی (logos) لە سلۆڤینیا وانە دەڵێتەوە و مامۆستایە لە کۆلیژی حوێندنی باڵای ئابوریدا.

ـ وا وەسفدەکرێت کە (مەترسیدارترین فەیلسوفی سیاسیە لە رۆژئاوادا).

ـ وەک مامۆستای وانەبێژ(زائر)لە زانکۆکانی (شیکاگۆ) کۆلۆمبیا، برینسنۆن، نیۆیۆرک،

مینیسوتا، کالیفۆڕنیا، میشیگان و .....وانەی وتووەتەوە.

ـ ئێستا بەڕێوەبەری نێودەوڵەتییە لە پەیمانگای لە پەیمانگای (بیرکبک) بۆ زانستی مرۆیی لە بیرکبک لە زانکۆی لەندەن، هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی دەرونی تیۆرییە لە لیۆبلینا.

ـ لە بوارە جیاجیاکاندا بابەت دەنوسێت لەوانە: (سەرمایەداری، ئایدیۆلۆژیی، فێندەمێنتالیزم، رگەزپەرستی، تۆلێرانس، چاند و رۆشنبیری، ژینگە، جیهانی بوون، شەڕی عیراق، شۆڕش، گشنگیری، پۆست مۆدێرن، سینەما، ئایین و...)

ـ ساڵی 1967 پەیوەندی بە زانکۆی ((لوبلانا)وە کرد و وانەی فەلسەفە و کۆمەڵناسیی وتووەتەوە.

ـ لە زانکۆی (لوبلانا) دکتۆرای لە هونەری فەلسەفەدا بەدەستهێنا.

ـ ساڵی 1971 وەک لێکۆڵەری یاریدەدەر لە زانکۆی (لوبلانا) کاریکردووە.

ـ ساڵی 1973 لە سەرکردایەتیی چاکسازیی سۆڤیەتی لابرا.

ـ چەندین ساڵ لە سوپای یۆگۆسلاڤیا خزمەتی کردووە.

ـ پاش چوار ساڵ لە بەتاڵی، پاشان کاری تۆمارکردنی لە (بنکەی مارکسی سۆڤیەتی) دەستکەوت لە هەمانکاتدا لە زانکۆی سۆڤیەت ، سەرقاڵی تیۆری دەرونشیکاری جان لاکان بوو.

ـ ساڵی 1979 گرێبەستی لەگەڵ زانکۆی زانستی کۆمەڵناسیی سەر بە زاکۆی (لیۆبلیانا) بەست تاوەکو کار بکات وەک لێکۆڵەر، بە هاوکاریی پرۆفیسۆر (ئایفن ئیرنبای).

ـ سەرەتای ساڵانی 1980 یەکەمین کتێبی بڵاوکردەوە، کە جەخت لەسەر لێکدانەوەی فەلسەفەی هیگڵی و مارکس لە روانگەی دەروونییەوە دەکات.

ـ لە کۆتایی ساڵانی 1980 لە ستوونی گۆڤارێکدا هەڵوێستی دژی لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا دەنووسی.

ـ تا ساڵی 1988 ئەندامی حزبی شیوعی بووە.

ـ لە ساڵانی 1988 ـ 1990 بەشداریی چەندین بزاوتی سیاسی و گۆڕانکاریی مەدەنی کردووە.

ـ ساڵی 1990 لە یەکەمین هەڵبژاردنی کۆماری سلۆڤینیا خۆی پاڵاوت.

ـ ساڵی 1989 یەکەمین کتێبی (The Sublin object of ideoloje) وەک: تیۆریستی کۆمەڵایەتیی نێودەوڵەتی ناسێنرا.

ـ ساڵی 2009 وەک چەپێکی توندڕەو خۆی ناساند.